# فنلاند / كەمپەینی داكۆكی لە مافەكانی پەنابەران و هەنگاوێك بۆ پێشەوە

ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی20/ 6 ژمارەیەك لەپەنابەران لەبەردەم پەرلەمانی فنلاند كۆبوونەوەو دوو شیعاری بەمجۆرە بەرز كرایەوە ( نا بۆ مۆڵەتی B نا بۆ دیپۆرتكردنەوەی پەنابەران – كوردستانی عیراق ناوچەیەكی ئاسایش نیە !). پەنابەران تا كاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لەبەردەم پەرلەماندا مانەوە . دواتر بە هۆی بەرنامەیەكی هاوبەش لەگەل ژمارەیەك لە ڕێكخراوە فنلاندیەكان، بە بۆنەی ڕۆژی پەنابەرەوە بەرنامەیەكی تایبەت پێشكەشكرا لەمەیدانی((كەمپی)) ناوەندی شاری هێلسنكی كە تیدا جیاواز لە گۆرانی ومۆسیقا وسەما دواتر قسەوباسێكی كورت لەلایەن نووێنەری ئەمنستی ئەنتەرناسیونالەوە پێشكەشكراو پاشان بەرنامەیەكی ( قسەوباسی ڕووبەڕوو) لە نیوان وەزیری كۆچی فنلاند بەڕیز خاتوو Astrid Thors هەروەها ڕێبوار عارف نوێنەری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی پێشكەشكرا، سەرەتا ڕێبوار عارف وێنەیەكی گشتی لەبارو دۆخی پەنابەران بەگشتی و بەتایبەت كێشە هەنوكەیەكانی پەنابەرانی كورد خستەڕوو دواتر چەند پرسیارێكی سەبارەت بە سیاسەتی ( مۆڵەتی B هەروەها مەسەلەی دیپۆرتكردنەوەی پەنابەرانی كورد) ئاڕاستەی وەزیری كۆچ كرد بەمەبەستی قسەوباسكردن لەسەریان .....

پاشان Jukka kokonen وەك نوێنەری كەمپەینی ( نا بۆ مۆلەتی B ) پەیامی كەپەینەكەی بۆ وەزیری كۆچ خوێندەوەو دواتر لەلایەن نووێنەرانی كەمپەینەوە كە بریتی بوو لە Jukka kokonen هەروەها ڕێبوار عارف، پێشەكەشكرا بە وەزیری كۆچ . پاشان وەزیری كۆچ هاوكات لەگەڵ وەلامدانەوە بە پرسیارەكان پەیام وهەڵوێستی وەزارەتی كۆچی بەڕەسمی ڕاگەیاند ووتی: بەلەبەرچاوگرتنی دەخالەت و ڕوونكردنەوەكانی ڕێكخراوە جەماوەریەكان وتاوتویٌ كردنێكی وردتری مەسەلەكان لەلایەن وەزارەتی كۆچەوە دڵنیاتان دەكەینەوە كەكۆمەلێك گوڕانكاری یاسای لە بڕیارو مۆلەتی B دەكرێت ولەپاڵ ئەو دەستكاریانەشدا هەوڵدەدەین كە بڕیاری مۆلەتی B وەك حالەتی تایبەتی بەكاربهێنین.

ڕۆژی دووەم هاوكات لەگەڵ كۆبوونەوەی پەنابەراندا لەبەردەم پەرلەماندا نامەو داخوازیەكانی فیدراسیون لە لایەن ڕێبوار عارفەوە پیشكەشكرا بەنوێنەری ماڤ مرۆڤی پەرلەمانی فنلاندكراو هاوپێچ ئەم داخوازیانە گەیەنرایە وەزیری كۆچیش. شایەنی باسە لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا ڕیبوار عارف لەپەیوەند بەكێشەكانی پەنابەران وبارودۆخی سیاسی و ئەمنیەتی كوردستان چاوپێكەوتنی لەگەڵ ژمارەیەكی بەرچاو لەدەزگاكانی ڕاگەیانا ئەنجامدا لەوانە: ڕادیۆی فنلاند، ڕادیۆی گشتی، ڕادیۆی نزیك( ناوچەی هێلسنكی) ڕادیۆی ئەستێرە كەبەزمانی سویدیە، ڕادیۆی فنلاند بۆجاری دووەم، تەلەفزیونی كەناڵی دوو.هەروەها چەندین سایتیش ڕاگەیاندنەكەی فیدراسیونیان بلاوكردەوە كە لەماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا سەدان نسخەیان لەنێو ڕێبوارانی شەقامدا لیٌ بلاوكرایەوە.

تیبینی/ سەرەتا بڕیار وابوو كە بۆ ماوەی 3ڕۆژ مانگرتن و چالاكیەكانی فیدراسیون بەردەوام بێت، بەلام بەهۆی مراسیمی بەهارانی فنلاندەوە ڕۆژی هەینی بەكردەوە پەرلەمان حالەتی پشوی بەخۆیەوە بینی بۆیە ڕۆژێك پێشتر كۆتای هێنرا بەكارەكانی فیدراسیون. بەلام لەكۆتایدا قسەوباسێكی كورت بۆ پەنابەران كرا بەمەبەستی هەلسەنگاندنی كاروچالاكیەكان ولەپاڵ هەرڕادەیەك لە سەركەوتن بەڵێنی ئەوە درا كەدوابەدوای كۆتای هاتنی پشووی هاوین لەناوەڕاستی مانگی هەشتەوە دەست بكریتەوە بەدرێژەدان كەمپەینەكە تابەسەركەوتن گەیاندنی هەموو ئامانجەكانی !

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**
2007 / 6/ 22